28/9/2005

## ڕەخنە بۆی هەیە جوانتر و جوانترمان بکات ... هۆشەنگ شێخ محەمەد

ماوەیەکە و زۆر نیە، لە ڕێی کوردستان نێتەوە، گەلی بابەتی جۆراوجۆر ئەخوێنمەوە کە لە لایەن قەڵەمی ڕەنگاورەنگەوە ئەنووسرێن، دیارە زۆر بابەتی جوان و باش ئەبینم و دڵم پێیان خۆش ئەبێت، بەڵام زۆر بابەتی دیکەش هەن بەراستی مرۆڤ پێیانەوە بی تاقەت ئەبێت، من لە زۆر لەو وتارانەی کە چ ڕەخنەگرەکان ئەینووسن یان ئەوانەی ڕەخنەیان لێگیراوە و وەڵام ئەدەنەوە، بۆنی شەڕانیەتێکی زۆر لە وتارەکاندا دێت، شەڕانییەت بەمانای قسە کردن بە زمانێك کە زیاتر خەمی هێرشکردن و شەڕ کردنییەتی نەوەك تێگەیشتن و قەبوڵکردنی یەکدی و قووڵکردنی گیانی خۆشەویستی لە نێو را و بیر و ڕەنگە جوداکاندا، قسەکان زیاتر سڕینەوەی ئەویدیکەیان مەبەستە و غەیبانییەتێکی گەورەیان تێدایە بۆ خۆ بەراست زانین و بەرهەمهێنانی یەقینێکی حاشا هەڵنەگر. بەرادەیەك مرۆڤ هەست ئەکات من تا ئەو کاتە جوانم تا تۆ قسەت لەسەر نەکردووم، و کاتی قسەت لەسەر کردم ئەوا یەکسەر ناشیرین ئەکرێم. ئایا هۆی چیە زۆربەی وتارەکانمان یەکدی ناشیرن ئەکەن. . ؟ تۆ بڵێی بەراستی ئێمە ئاوا ناشیرین بین. . ؟ یان تۆ بڵێی چاوی ئێمە ئەوەندە کز بێت هیچ جوانییەك لە یەکدییەوە نەبینین. . ؟! هەر کامەی بێت بەلایەکە و پێش ئەوەی قەڵەمەکانی ئێمەی گرتبێت. . رۆچۆتە ناو دیتن و بۆچونەکانمان، کە پێویست ئەکات لە ئاست ئەم زۆری گوتارە رەقانەوە جۆرە نووسینێکی دیکەش بێت و بڵێت. . رەخنەش بۆی هەیە جوانتر و جوانترمان بکات. . جیاوازیش بۆی هەیە لە لای یەکدی شیرنتر و شیرینترمان بکات. .